# فۆكۆ:كانت و شۆڕش

ئیدوار سەعید
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: خەسرەو میراودەلی



میشال فۆکۆ( Michei Foucauif)بیرمەندێکی بەناوبانگی جیهانیەو بە یەکێك لـە باوکـانی قوتابخانـەی تـەفکیکی دادەنرێت، کە ئەمە ئاراستەیەکە لە زانستە کۆمەڵناسیەکاندا بانگەشە بۆ دورکەوتنەوە لە ڕۆتینیەت (النمگیه) دەکات لە شیکاری دیاردە کۆمەلایەتیەکاندا ئەمەش بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسۆی مەعریفەی مرۆیـی بەرتەسـك دەکاتـەوە، و وەهمـی مرۆڤاکـان دەخاتـە سـەر دیاردەکـان (فۆکـۆ نوسـەرێکی سـەردەرکەربووە، لـە نوسینەکانیدا پشتی بە هەموو جۆرە پۆلێنکاریەکان دەبەست، مێـژوو، زانسـتی کۆمەڵناسـی، زانسـتە سیاسـییەکان و فەلسەفە، بەڵام هەموویانی تێ دەپەڕاند. پاشانیش بە ئەنقەست برێك لە جیهانیەتی بۆ کارەکانی زیاد دەکرد، کـە ئەمەش وایدەکرد لەیەك کاتدا، هەم نیتشەوی و هەم لە خودی نوێگەری نوێگەرتر بێت:

گاڵتەپێکەر، گوماناوی، توندڕەو لـە ڕیشـەگەراییەکەیدا، هـەروەها، پێکـەنیناوی و نـا ئـەخلاقی بێـت لـە شـوێن لێژکردن بە هەموو لاسایکردنەوەیەکی پابەند، بەیت و بە خورافەکان...

پاش ئەوەی فەلسەفە و زانستی دەروونناسی خوێند، لە سوید، وپۆڵندا، ئەڵمانیا، تـونس خوێندویـەتی و زانیـاری وەرگرتووە، فۆکۆ نازناوی پرۆفیسۆری مێژوو سیستمەکانی فیکر لە بەناوبانگترین دەزگا ئەکادیمیەکان لە فەرەنسـادا کە کۆلێژی دی فرانسە وەرگرتوون.

لە ماوەی شەستەکاندا کارەکانی فۆکۆ پەیوەست کرا بە گروپی بونیاد گەراکانەوە، ئەمە لـە کاتێکـدا کـە خـۆی ڕەتی هەر جۆرە پەیوەندیەکی دەکردەوە بەو گروپەوە. لە هەفتاکان و هەشتاکاندا.

لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە (پۆست بونیادگەری) ناسرابوو. بەڵام ئەم ناوبانگەشی ڕەتکردەوە.

فۆکۆدانی بەنزیکبوونەوەیەکدا دەنا لە نێوان خـۆی و بیرمەنـدی فەرەنسـی (جیـل دۆڵـۆز)دا ئەمەشـی لەلایـەنی سیاسی و فەلسەفیەوە.

فۆکۆ چالاکی سیاسی جۆراوجۆری هەبوو، لەوانە بەشداریکردنی چالاکانەی لەو گروپانەدا کە تێدەکۆشان لە پێنـاو مافەکانی ( زیندانیـەکان و ئـافرەت، هێرمۆسێکسـواڵەکان)دا، ئەوانـەی کەوتونەتـە ژێـر دەسـەڵاتی داگیرکـەرەوە، هەروەها فۆکۆ چـالاکی سیاسـی هـەبوو لـەو بزوتنەوەیـەدا کـە لـە کۆتـایی شەسـتەکاندا لـە ئـەوروپادا ناسـرابوو بەبزوتنەوەی (چەپی نوێ).

## فۆکۆ: کانت و شۆڕش

پـێم وایـە ئـەم دەقـە کەشـفی جـۆرێکیتر لـە پرسـیارمان بـۆ دەکـات لـە بـواری بیرکردنـەوەی فەلسـەفیدا. کامەیـە دەقـی یەکـەم لـە مێـژووی فەلسـەفەدا (هـەتا لای کـانتیش نـا) کـە پرسـیارێك دەربـارەی مێـژوو دەخاتـە ڕوو، ئێمـە لای ئـەم فەیلەسوفە چەندین دەق دەبینینەوە کە پرسیاری بنچینە ڕوبەڕوی مێژوو دەکاتەوە، وەکو دەقەکانی سەبارەت بە سەرەتاکانی خودی مێژوو و هەروەها سەبارەت بە دیاریکردنی چەمکی ڕەگەزەکان.

هـەروەها چـەندین دەقی‌تر هـەن کـە مێـژوو دەخاتـە بەردەم پرسـیارێکەوە دەربـارەی شێوازی بە دەستهاتنی، وەکو ئەو دەقەی کە بلاوبۆەتـەوە لـە سـاڵی ١٧٨٤: دەربـارەی بیرۆکـەی مێـژووی جیهــانی لــە گۆشــەنیگایەکی گەردونیــەوە. دواجاریش هەندێك دەق هەن پرسیاری کردوە لە بارەی ئامانجی خودییەوەکەوا سیاقە مێژوویەکان ڕێك دەخات وەکو دەقێکی تایبەت بە بەکارهێنانی

بنەما ئامانجیەکانی. هەموو ئەم دەقە پێکەوە پەیوەستانە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ هەموو شیکارەکانی کانت دەربارەی مێژوو تێدەپەڕێنێت. بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەوەم بۆ دەردەخات کە دەقی چاخی رۆشنگەری جیاوازە لە هەموو ئەو دەقاتە کە ئەو (بەلانی کەمەوە) هیچ یەکێك لەم پرسیارانە ناکات:

نە پرسیاری بنچینەو (سەرەڕای ئەوەی چۆن دەردەکەوێت بۆ کەسی سەیرکەر، نەپرسیاری بەجێگەیاندن، بەڵکو بە شێوەیەکی داپۆشراو، کە خەریکە لاوەکی بێت مەسەلەی ئامانجی شاراوە لە سیاقی مێژووی خۆیدا.

ئەو مەسەلەیەش کە پێم وایە بۆ یەکەم جار خراوەتە ڕوو لەم دەقەی کانتدا لە مەسەلەی ئێستادا، واتە پرسیار دەربارەی هەنووکە: ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات؟ ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات و ئەو (ئێستا)یە کامەیە کە ئێمە و غەیری خۆشمانی تێدایە، ئەوە کێیە کە ئەم ساتە دیاری دەکات کە تێدا دەنووسم؟.

ئەمەیش یەکەم جار نیە کە تێدا، لەماوەی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا، ئاماژەکردن بۆ ئێستا دەبینین بە وێنەی بارێکی مێژوویی دیاریکراوە. کانت لە سەرەتای (مقالة الطريقة: وتاری ڕێبان)دا ڕێڕەو ئەو کۆمەڵە بڕیارە فەلسەفیانەی کە وەریگرتووە بەرامبەر خۆی و بەرامبەر فەلسەفە پێناسە دەکات، بە ڕاستیش بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەی کردووە بۆ شتێك کە دەتوانین دایبنێین بە ڕەوشی مێژوویی لەناو ڕێکخستنی مەعریفەکان و زانستەکان لە سەردەمەکەیدا.

ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی داواکراوە لەم جۆرە ئاماژانەدا وەکو دۆزەرەوەن ئەو پاڵنەرە دەمێنێتەوە بۆ وەرگرتنی بڕیاری فەلسەفی لە ناو ئەو شێوە یەکگرتووەدا کە ئاماژەی بۆ دەکەین بە واژەی ئێستا. لای دیکارت پرسیارێك نادۆزینەوە لە پۆلی: کامەیە بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەو ئێستایەی کە ئینتیمام هەیە بۆی؟. ئەوپرسیارەی کەوا کانتی ناچار کرد بە وەڵامدانەوەی کاتێك ڕووبەڕووی کرایەوە لە جۆرێکیتر بوو، وەکو بزانم، ئەو بەم شێوەیەی داناڕێژێت واتە بەم شێوەیە چی ئەم بڕیارە یان ئەو بڕیارە دیاری دەکات لەم ڕەوشەی ئێستادا لەناو چوارچێوەی سستمی فەلسەفیدا؟ بەڵکو پرسیارەکە پەیوەست دەبێت بە ناسنامەی ئەم ئێستایەوە، پێش هەموو شتێکیش بۆ دیاریکردنی ڕەگەزێکی دیاری کراو لە ئێستادا پێویست دەکات بیناسین و جیای بکەینەوەو جفرەکەی بکەینەوە لە نێو هەموو ڕەگەزەکانیتردا، هەتا پرسیارەکە وای لێ دێت: لە ئێستادا، هەنوکە، چی مانایەك لە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیدا دروست دەکات؟

لەو وەڵامەدا کەوا هەوڵدەدات پێشکەشی بکات دەربارەی ئەم پرسیارانە کانت بە ئەنقەست ئەو تایبەتمەندییە دەخاتە ڕوو کە ئەم ڕەگەزە هەڵیگرتووە، و دەیکاتە ئەو ئاماژە دەرە بۆ ئەو سیاقەی کەفیکرو فەلسەفەو مەعریفە لە خۆ دەگرێت. ئەم لە حاڵێکدا کە پێویستە ( لەهەمان کاتدا) ئەو هۆکارو شێوازە دیاری بکرێت کەوا لەوتەبێژ (وەکو بیرمەندێك یان زانایەك یا فەیلەسوفێك) دەکات کە خۆی ئنتیمای بۆ ئەو سیاقە هەبێت پاشان چۆن دەکرێت ئەو ڕۆڵە دیاری بکرێت کە (ئەو وتە بێژە) دەیگێڕێت لەو سیاقەدا کە وەکو ڕەگەزێك و وەکو بکەرێك خۆی تێدا دەبینێتەوە.

پوختەی قسە ئەوەیە کە پێم وایە ئێمە لەم دەقەی کانتدا، بەرپا بوونی مەسەلەی ئێستا وەکو ڕوداوێکی فەلسەفی بەدی دەکەین کە ئەو فەیلەسوفەی لە بارەیەوە دەدوێت ئینتیمای هەیە

بۆی. ئەگەر ئێمەش فەلسەفەمان قبوڵکرد بەو پێیەی کە شێوەیەکە لە شێوەکانی کاری تیۆری و مێژوییەکی تایبەتی هەیە! ئەوا ئێمە (لە بڕوای مندا لەو دەقی رۆشنگەریەدا کە لەبەر دەستماندایە، زیادە ڕۆش ناکەم کە دەڵێم بۆ یەکەم جار ) فەلسەفە دەبینین کەوا کار دەکات لەسەر دارشتنێکی ئیشکالی هەنووکەییبون(آنیة)ی تیۆرییەکەی. ئەو ئەم هەنووکەیە دەهێنێتە قسە وەکو ڕوداوێک کە دەبێت، ئاومانا و بەهاو بێ هاوتاییە فەلسەفیەکەی، ون بکرێتەوە، هەروەها دەبێت تێیدا (لەهەمان کاتدا شیکارێک بۆ بوون و بنچینەیەک بۆ ئەوەی دەیڵێین بدۆزینەوە. دەبینین، کەواتە، پرسیارەکانی فەیلەسوف لە بارەی ئینتیمایەوە بۆ ئەم ئێستایە هەرگیز وەکو پرسیارێک نەماوەتەوە دەربارەی ئینتمای بۆ مەزهەبێک یان کلتورێکی دیاریکراو، یان دەربارەی کێشەی ئینتیمای بۆ کۆمەڵێکی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو پرسیارەکە وای لێ هاتووە پەیوەندی بە ئینتیمایەوە هەیە بۆ (ئێمە) بە تایبەتی تر بۆ ئەو (ئێمە)یەی کە ئاماژە دەکات بۆ کۆمەڵێکی کلتوری کە بە هەنووییەکەیدا جیا دەکرێتەوە. ئەمەیە ئەو (ئێمە)یەی کە لە فەلسەفەدا دەبێتە بابەتی بیرکردنەوەی، لەم تێڕوانینەیشەوە ناکرێت کە فەیلەسوف خۆی لەو پرسیارە لابدات دەربارەی ئینتیما بێ هاوتایەی بۆ ئەم (ئێمە)یە. هەموو ئەمەش (واتە فەلسەفە وەکو پرۆسەیەک وا لە هەنووکە دەکات ببێتە ئیشکالێک، هەروەها وەکو ئەو پرسیارانەی فەیلەسوف لە بارەی ئەم هەنووکەیەوە دەیکات کە ئینتیمای هەیە بۆی و هەر دەبێت لێیەوە هەڵوێستێک وەربگرێت) هەموو ئەمەش وا لە فەلسەفە دەکات کە جیای بکاتەوە وەکو گوتارێکی نوێ گەری و وەکو گوتارێک لە بارەی نوێگەرییەوە.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسانتر بدوێین دەڵێین: مەسەلەی نوێگەری لە کلتوری کلاسیکی (ڕۆژئاواییدا) کراوە لەناو تەوەرەیەکی دوو جەمسەردا: جەمسەری چاخی کۆن و جەمسەری نوێکردنەوە. وە مەسەلەکە دارێژرایەوە ئیدی یا بە ئاراستەی دەسەڵاتدا، کە پێویستە لەسەرمان قەبوڵی بکەین یا رەفزی بکەین (کام دەسەڵات قبوڵ دەکەیت و شوێن کام نموونە دەکەوین، هتد...؟) وەیا لە شێوەیەکی ( کە پەیوەستە بە ئاراستەی یەکەمەوە) هەڵسەنگانی بەراوردیدا: ئایا پێشینەکان باشترن لە نوێگەرەکان؟ وە ئایا ئێمە لە ماوەی داڕماندایین، هتد...؟ بەڵام ئێمە دەبینین (لەگەڵ دەقی کانتدا) سەرهەڵدان شێوازێکی نوێ بەکردنی پرسیاری نوێگەریدا کە پرسیارەکە لە پەیوەندیەکی هاوبەرامبەردا نەماوەتەوە لەگەڵ پێشینەکاندا، بەڵکو وای لێ هاتووە لە پەیوەندیەکدایە کە دەکرێت ناوی بنێین (شعاعیە: تیشکدانەوەیی)، لە ڕوانگەی هەنووکەیێتی پرسیارکەرەوە: پێویستە لەسەر گوتار لە ئێستاوە کە حساب بۆ هەنوکی خۆی بکات هەتا دیاری بکرێت تێیدا بواری ئامادەیی تایبەتی لەلایەکەوە، و هەتا ماناکەی دەربڕێت لەلایەکیترەوە، پاشان لە کۆتایی مەسەلەکەدا، بۆ ئەوەی شێوازی کارەکە جیابکرێتەوە کە دەتوانێت هەستێت پێی لەناو ئەم هەنووکیەدا.

کامەیە ئێستای من؟ کامەیە مانای ئەم ئێستایە؟ وە ئەو کارە چیە کە پێی هەڵدەستم کاتێک قسە لە بارەی ئەم ئێستایەوە دەکەم؟ ئەمە بەڕای من، ئەو پرسیارە نوێیانە پێناسە دەکات دەربارەی نوێگەری.

ئەگەر چی (هەتا ئێستاش پێی

نەگەیشتووین) تەنها ڕێڕەوێک پێکدەهێنێت کە دەبێت لە نزیکەوە کەشف بکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان کە توێژینەوەیەکی ئوصولی قەبوڵ بکەین کە بیرۆکەی نوێگەری بە ئامانج ناگرێت بەڵکو نوێگەری وەکو مەسەلەیەک. هەر چۆنێک بێت هەتا ئەگەر دەقی کانتمان وەکو خاڵێکی دەرکەوتووی ئەم مەسەلە وەرگرت ئەوا ئێمە دەبێت ئەم دەقە خۆی پلە بەندەکان لەناو سیاقێکی مێژویی فراواندا ئەوا دەبێت کە بە تەواوەتی ڕێزی بگرین و بینرخێنین. بێگومان ئەم ئاراستەیەش، یەکێک دەبێت لە تەوەرە گرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوەی چاخی هەژدەهەم بە گشتی، وەچاخی نوێگەری بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەگەر ئێمە ئەم مەسەلەیەمان خستە ژێر پرسیارەوە: ئەوا چاخی نوێگەری خۆی ناو ناوە چاخی نوێگەری، کەواتە بەمە بووەتە سیاقێکی ڕۆشنبیری بێ هاوتا بێ گومان، چونکە ئاگا بوو بەناونانی خۆی لەهەمان کاتدا کە خۆی دیاری کردوە بەنیسبەت رابردو ئایندەیەوە، لەگەڵ هەستانی بە دیاریکردنی ئەو هەڵبژاردنانەی کە دەگیرێنەبەر لە ناو ئێستایدا.

ئایا چاخی ڕۆشنگەری یەکەمین ئەو چاخانە نییە کە بۆ خۆی ناوی خۆی دەنێت، یەکەمین چاخیشە کە جیانەکراوەتەوە (بە گوێرەی نەریتی کۆن) بەسیفەتی داڕوخان یاخود درەوشانەوە یاخود بە پاڵدانی بەلای درەوشانەوە یان کلۆڵیەوە بە تەنیا، بەڵکو ناوی لە خۆی ناوە لە ڕێگەی ڕوداوێکی دیاریکراوەوە لەناو مێژووی فیکرێکی گشتگیرداو، لەناو مێژووی عەقڵ و مەعریفەدا، کە ئەم چاخە ڕۆڵێکی تایبەتی خۆی دەگێڕێت. چاخی ڕۆشنگەری قۆناغێکە دروشمەکەی بۆ خۆی داڕشتووە هەر وەک ڕێنماییەکانیشی داڕشتووە، ئەوەی ئاشکرا کردووە کە پێی هەڵدەستێت لە کردار بە ئاراستەی مێژووی فیکردا بە گشتی، لە پاشانیشدا بە ئاراستەی ئێستای و بە ئاراستەی شێوازەکانی مەعریفەو زانست و جەهل و وەهمەکان کە ئەم چاخە زانیویەتی چۆن هەستی پێ دەکات و چۆن بە دانانە مێژووییەکەی تێیدا ئاشنا دەبێت. بە لای منەوە وا دیارە ئێمە لەم مەسەلەی چاخی ڕۆشنگەریەدا، یەکەمین دیاردەی (بەرهەمهێن)ی ڕێبازێکی دیاریکراو لە وەرگرتنی فەلسەفەدا دەبینین، کە بە مێژوویەکی درێژدا تێپەڕیوە لەماوەی دوو سەدەدا، لەبەر ئەوەی لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەو فەلسەفەیەی خۆی بە نوێ ناوزەد دەکات ( کە دەتوانین سەرەتاکانی دیاری بکەین لەو پەڕی سەدەی هەژدەهەمدا) پرسیارکردنیەتی لەمەڕ هەنووکەییبوونەکەی.

ئێمە دەتوانین بە دوای هێڵی ئەم شێوازە (نوێ)یەی فەلسەفە لەماوەی سەدەی نۆزدەوە هەتا ئەمڕۆکەدا بچین، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەمین شتێک کە حەزبکەم ئەمجارە بە توندی پێی لەسەر دابگرم ئەوەیە کە کانت هێشتا ئەو مەسەلەیەی بیرنەچۆتەوە کە لە ساڵی ١٧٨٤دا چارەسەری کردووە، کاتێک کە وەڵامی پرسیارێکی داوەتەوە کە لە دەرەوە و خراوەتە ڕووی، ئەو هەوڵی وەڵامدانەوەی دەداتەوە لەناو ئەوەدا کە ( لە بۆنەیەکی دواتردا) دەیڵێت دەربارەی ڕوداوێک کە بەردەوام ئەمیش پرسیار لە خۆی دەکات، مەبەستیشم بەم ڕوداوە، بێگومان، شۆڕشی فەرەنسیە.

لە ساڵی ١٧٨٩دا کانت ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەکرێت بە پاشماوەی دەقێکی ساڵی ١٧٨٤ی دابنێین. فەیلەسوفەکەمان لە ساڵی ١٧٨٤دا هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: چاخی ڕۆشنگەری چییە؟ بەڵام لە ساڵی ١٧٨٩دا

وەڵامی پرسیارێکی دیکە دەداتەوە کە ڕووداوەکان بۆیان تەرح کردووە، بەڵام مشتومڕە فەلسەفیەکان لە ئەڵمانیادا لە ساڵی ١٨٩٤ەوە دایانڕشتووە. ئەم پرسیارەش ئەوەیە: (شۆڕش چیە؟).

ئێوە دەزانن کە کتێبی (ململانێی کۆلیژەکان) کۆی سێ نامەیە دەربارەی پەیوەندییە ئامادەکانی نێوان ئەو کۆلێژە جیاوازانەی زانکۆیان پێکهێناوەو، نامەی دووەمیان بە ناکۆکی نێوان هەردوو کۆلێژی فەلسەفەو مافناسی (حقوق)ەوە پەیوەستە، لەو کاتەدا ئەم پرسیارە حوکمی بواری پەیوەندیەکانی نێوان فەلسەفەو مافناسی دەکرد: (ئایا بەرەو پێشەوە چوونێکی بەردەوام بۆ ڕەگەزی مرۆیی لە ئارادایە؟) بۆ ئەوەی کانت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، لە بڕگەی پێنجەمی ئەم نامەیەدا، ڕووی لە سەلماندنی ئەم بەڵگاندن (استدلال)ە کردووە: ( ئەگەر ئێمە بمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە) (ئایا بەرەو پێشەوە چوونێکی بەردەوام بۆ ڕەگەزی بەشەری لە ئارادایە؟) پێویستە لەسەرمان ئەوە دیاری بکەین کە ئەگەر هۆکارێکی مومکین بۆ ئەم بەرەو پێشەوەچوونە لە ئارادا بێت. ئەگەر ئێمە تەسلیمی ئەم ئیمکانە ببین پێویستە لەسەرمان بەڵگە لەسەر ئەوە بهێنینەوە کە ئەم هۆکار (علە )ە ئەکتیڤە لە واقعی ئەمردا. بە تەنیا دیاریکردنی هۆکارەکە بۆ خۆی بوار نادات بە دیاریکردنی کۆمەڵێك لە دەرەنجامی مومکین نەبێت، یاخود بە تەعبیرێکی وردتر، ڕێگە نادات (بەوێنا کردن (تصور) )ی ئیمکانی دەرەنجامەکە نەبێت. بەڵام واقیعی دەرەنجامەکە ناکرێ دابمەزرێت بە بوونی ڕوداو نەبێت). کەواتە بەس نیە کە هەست بەو زەفەربردنی مەبەستگەرایانە بکەین کە بەرەو پێشەوە چوون، دەکاتە کارێکی مومکین، بەڵکو هەر دەبێ لەناو مێژوودا ڕوداوێك دیاری بکەین کە بەهای ئاماژە پێدەر (مؤشر)ی هەبێت؟ ئاماژە پێدەر بۆ سەر چی؟ ئاماژە پێدەر لەسەر بوونی هۆکار (علە)، هۆکارێکی بەردەوام کە ڕێنمایی مرۆڤی کردووە بە درێژایی مێژوو لەسەر ڕێگەی بەرەو پێشەوە چوون (التقدم)، هۆکارێکی جێگیرە کە دەتوانین جەخت بکەینە سەر کاراییەکەی لە ڕابردووداو لەسەر ئەوەش کە لە ئێستاشدا کار دەکات، کە بەردەوامیش لە زەمەنی هاتوودا کاردەکات. کەواتە ئەو ڕوداوەی وامان لێدەکات بتوانین بڕیاری بوونی بەرەو پێشەوە چوون بدەین ئاماژە پێدەرێکە (کە ئەگەری ئامادە کردنی هەبێت بە یادوەری و بەڵگەهێنانەوە لەسەری و چاوەڕوانی ڕوودانی لە داهاتوودا)(بەلاتینی لە دەقە ئەسڵیەکەدا)(٤).

کەواتە پێویستە ئاماژە پێدەرەکە ئەوە بسەلمێنێت کە کارەکان لە ڕابردوودا ڕوویانداوە(ئامادەکردن بە یادوەری)، هەروەها کە هەمان کار هەنووکەش ڕوو دەدەن (ئاماژە پێدەر (لە حاڵەتە) ئیستیدلالیەکەیدا)و، بەردەوامیش بە مشێوەیە ڕوو دەدات (ئاماژە پێدەر (لە حاڵەتە)چاوەڕوانکراوی (التوقعیە)یەکەیدا)، بەم ڕێبازە دەتوانین جەخت بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەو هۆکارەی بەرەو پێشەوە چوون دەکاتە کارێکی مومکین بەکاری خۆی هەڵنەستاوە لەباروودۆخێکی دیاریکراودا بە تەنیا، بەڵکو چەند مەیلێکی گشتگیری لە خۆ گرتووە کە هەڵگری سەرجەم ڕەگەزی مرۆییە بەرەو ڕێکردن بە ئاراستەی بەرەو پێشەوە چووندا، کەواتە پرسیارەکە بەم شێوەیەی لێدێت، ئایا ڕوداوێك لە دەوروبەرمان هەیە بکرێت ئامادە بکرێت بە یادوەری (ذاکرة) و ئاماژە کردن بۆی بە ئیستیدلال، چاوەڕوانیکردنی ڕودانی ئاماژەیە بۆ

بەرەو پێشەوە چوونێکی بەردەوام کە هەڵگری هەموو ڕەگەزی بەشەرییە؟).

بێگومان ئێوە گومانتان بەلای ئەو وەڵامەدا ڕۆیشتووە کە کانت دەیداتەوە، بەڵام من دەمەوێت دەقێکتان بۆ بخوێنمەوە کە لە ڕێگەیەوە کانت دەخرێتە شۆڕشەوە وەك ڕوداوێك کە نرخی ئاماژە پێدەر( مؤشر)ی هەیە ( وەك ڕوونیکردۆتەوە). لە برگەی شەشەم ( لە نامە ناوبراوەکەیدا) نوسیویەتی:

(وریا بن لەم ڕوداوەدا کۆی ئەو کارە باڵاو هەڵە ترسناکانە نەبیت کە خەڵکی پێیان هەستاون وشتە مەزنەکانیان لەلایان گۆڕیوەتەسەر شتگەلێکی سووك و ڕسواو شتە ڕسواکانیش بۆ مەزن، ( هەروەها وریا بن کە هەوڵی بینین نەدەن) لەو دەلیلە کۆنە ڕازاوانەی بە مەفعولێك سڕاونەتەوە کە خەریکە ببێتە ئەفسون، لە کاتێکدا لە جێگەیاندا چەند دەلیلێکی دیکە دەرکەوتون وەك ئەوەی لە زەویەوە هەڵقولابن، نەخێر! هیچ شتێك لەوە نییە. لەم دەقەدا کانت ئاماژە دەکات، بەبێ گومان، بۆ ئەو ئایدیا تەقلیدیانەی بە دوای بەڵگەکانی بەرەو پێشچووندا یاخود نەبوونیاندا دەگەڕێن، لەلای جۆری مرۆیی، لە کودەتای ئیمپراتۆریەتەکانداو بە دوای یەکدا هاتنی ئەو نەگبەتیانەی بەسەر ئەو بارودۆخانەدا دێن کە چەسپاوترن، یاخود لە گۆڕینی ئەو قەدەرانەدا کە هێزە چەسپاوەکان تووشی نسکۆ دەکەن و دەیکەنە قەرەبووی ئەوەی ڕویدا. کانت بەخوێنەرانی دەڵێت: وریابە، ئێمە


هیگڵ

لەم ڕوداوە گەورانەدا ئەو ئاماژەپێدەرە ئامادەکارییە ئیستیدلالیە چاوەڕوانکاریەی بەرەو پێشچوون بەدی ناکەین، بەڵکو ئێمە لە ڕوداوگەلێکدا دەیانبینینەوە کە گەورەییان کەمترەو، شاراوەتریشن لە دەرککردندا، ناتوانین ئێستامان شی بکەینەوە بەڕوانین بۆ ئەم بەها دالانە، بێ ئەوەی بکەوینە ناو تەڵسمێکەوە کە بەرەو بەخشینی دەلالەتمان دەبات و کە لەوەدا بە دوایدا دەگەڕێت کە ڕواڵەتدا خاڵیە لە دەلالەت و بەها.

بەڵام کامەیە ئەو ڕوداوەی ڕوداوی (گەورە) نییە؟ لێرەدا بێگومان پارادۆکسێك هەیە کاتێك دەڵێین شۆڕش ڕوداوی دەنگدار نییە، ئایا نموونەی ئەو ڕوداوە نییە کەشتەکان هەڵدەگێڕێتەوەو، وا دەکات ئەوەی گەورەبووە ببێتە شتێکی سووك و ئەوەش سووك بووە ببێتە گەورە، کە هەیکەلی کۆمەڵگەکان و ئەو دەوڵەتانەی هەڵدەلوشێت کە لە ڕواڵەتدا چەسپاوتر دیارن؟ بەڵام ئەمە ئەو لایەنەی شۆڕش نییە کە لای کانت مانا دیاریدەکات.

ئەوەی ڕوداوی خاوەن بەهای ئامادەکاریانەی ئیستیدلالی چاوەڕوانکاریانە (التوقعیە) پێکدەهێنێت نە لە درامای شۆڕشگێڕیدا حەشارەو نە لە سەرکەوتنە شۆڕشگێڕییەکانداو نە لەو ئاماژانەشدا کە هاوڕێن پێی. دالەکە لە شۆڕشدا ئەو ڕێبازەیە کە شۆڕشەکە دیمەنەکەی پێ دەخاتە ڕوو، واتە ئەو ڕێبازەی بەهۆیەوە

پێشوازی دەکرێت لەلایەنی بینەرانێکەوە کە بەشدار نەبوون تێیداو بەڵکو بۆیان ڕوانیوەو ئامادەیان کردووەو تەسلیمی شەپۆلەکەی بوون، بەرەو باشتر یاخود خراپتر بێت.

وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە بەڵگە نییە لەسەر بەرەو پێشچوون، لەو سۆنگەیەوە، یەکەم، تەنیا پێچەوانەکردنەوەی واقیعی مەسەلەکانە، لەپاشانداو دووەمیش ئەگەر ئەو کەسەی بە شۆڕشەکە هەستاوە بۆی هەبوایە دوبارەی بکاتەوە وەك ئەوەی هەیە نەیدەکرد. دەقێکی کانت هەیە کە خاوەنی گرنگیەکی لە ڕادەبەدەرەو تێیدا دەڵێت: (گرنگ نییە شۆڕش شۆڕشی گەلێك بێت کە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی باڵایە وەك لەم ڕۆژگارەی خۆماندا بینیمان (کەواتە ئەو لە شۆڕشی فەڕەنسی دەدوێت)، گرنگیش نییە بزانین سەرکەوتووە یاخود شکستی هێناوە، گرنگیش نییە بزانین چ کلۆڵی و دزێوییەك لە ڕێگەیەوە کەڵەکە بووە، تەنانەت چونکە مرۆڤێکی عاقڵیش، ئەگەر هەستا پێی لە نوێوە بۆ فەراهەم ببێت بە هیوای سەرکەوتنی ئەوا هەرگیز هەوڵی ئەزمونەکە بەهەمان نرخ پەسەند ناکات). ڕەوتی شۆڕشەکە گرنگ نییە، گرنگیش نییە شکست بهێنێت یاخود سەرکەوتوو بێت لەبەر ئەوەی ئەمە هەمووی هیچ پەیوەندییەکی نییە بە بەرەو پێشچوون (تقدم)ەوە، یاخود لانی کەم، بە ئاماژە پێدەری ئەو بەرەو- پێشچوونەی بە دوایدا وێڵین.

شکستی شۆڕش یاخود سەرکەوتنەکەی پێکهێنەری ئاماژە پێدەری بەرەو پێشچوون نین، ئاماژە پێدەری دەلالەتکەری نەبوونی بەرەو پێشچوون- نییە، بەڵکو ئەگەر مرۆڤ توانی هەڵی ئاگابوون (لە دەرەنجامی) شۆڕش و زانستی دەست بکەوێت بە ئاگاداری لە چۆنیەتی پەرەسەندنی، ئەگەر لە هەمان کاتیشدا توانی جارێکی دیکە بەرەو سەرکەوتن بیبات، ئەوا ئەو مرۆڤە، ئەگەر عاقڵ بێت، بەپێی نرخی زەروری ئەم شۆڕشە هەستان پێی دوبارە ناکاتەوە. شۆڕش لە خودی خۆیدا پرۆسەی ( هەڵگەڕانەوە)یە، یاخود وەك دەسپێشکەرییەك کە ئەگەری سەرکەوتن یاخود شکستی هەبێت، لە پاشانیشدا وەك نرخێکی گران کە لابردنی پێویست بێت، بە ئاماژەپێدەرێك دانانرێت کە دەلالەت بکاتە سەر بوونی هۆکارێکی بە توانا بەسەر تێپەڕاندنی بەرەو پێشچوونێکی بەردەوامی بەشەریەت لە ڕێگەی مێژووەوە.

بەڵام ئەوەی ئاماژە پێدەری بەرەو پێشچوون پێکدەهێنێت، لە بەرامبەردا، هاوتەریبی شۆڕشە، وەك کانت لە (سۆزکاری نێوان کە پەیوەستە بە خوێنگەرمیەوە)دا دەڵێت. لە شۆڕشدا گرنگ (ڕوداو)ی شۆڕشە بۆ خۆی نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لە زەینی ئەوانەدا دێت و دەچێت کەپێی هەڵناسن، یاخود لانی کەم لەوانە نین کە بەشێوەیەکی سەرەکی پێی هەڵدەسن. گرنگ ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ئەمان و ئەو شۆڕشەدا هەیە کە ئەمان لە ئەندامە ئەکتیڤەکانی نین.

خوێنگەرمی بۆ شۆڕش، بە گوێرەی کانت، ئاماژەیەکە بۆ ئامادەگییەك کە بە سیفەتێکی بەردەوام لە دوو دەرکەوتەدا دەردەکەوێت: یەکەم مافی هەموو گەلانە کە ئەو دەستورە سیاسیە بە خۆیان ببەخشن کە لێی ڕازین، لە پاشانیشدا و دووەم لەو پرنسیپەی لەگەڵ ئەخلاق و هەقدا دەسازێت، (بریاربدات) بەوەی مرۆڤایەتی بەهرەمەند ببێت بە دەستورێکی سیاسی (گشتگیر) کە، لە ڕوانگەی ئەم پرنسیپانەوە هەموویانەوە. لەهەموو جەنگێکی هێرشکاریانە دوور بکەوێتەوە.

ئەو ئامادەگیەی مرۆڤایەتی بۆ ئەم دەستورە

هاندەدات هەر ئەوەیە كە خوێنگەرمی بۆ شۆڕش ئامـاژەی بـۆ دەكـات. شـۆڕش وەك دیمـەنێك نـەك چـەند ئاماژەیـەك, هـەروەها وەك جێگەیـەك بـۆ خوێنگەرمی لای ئەوانەی ئامادەی دەبن, نەوەك پرنسـیپێك لای ئەوانـەی بەشـداری دەكـەن لـە دروستكردنیدا كە (ئاماژەیەكی ئامادەكاریانەیە) لەبەر ئەوەی ئامادەگی پێشەدار (لەمرۆڤدا) زەق دەكاتـەوە كـە (ئاماژەیـەكی ئیستیدلالیە) چونكە كارایی ئامادەی ئەم خۆ ئامادەكردنە دەردەخات, هـەروەها (ئاماژەیـەكی چاوەڕوانكارانەیە) لەبـەر ئەوەی ناكرێت لە داهاتوودا ئەو ئامادەگیە لە بیر بكرێـت كـە لـە ڕێگەیـەوە بـا دروسـتیش بێـت پێداچـوونەوەی هەنـدێك لـە دەرەنجامـەكانی شۆڕش لەمەودوا زەق بكرێتەوە.

لە پاشاندا ئێمە دەزانین كە ئەم دوو ڕەگەزە, ئەو دەستورە سیاسیەی گەل بە ئیرادەی خۆی هەڵیبـژاردووەو ئـەو دەسـتوری سیاسـیە (گشـتگیر)ەش كـە لـە جـەنگ خـۆی بـە دوور دەگرێـت, هـەردوكیان (لـە) ڕەوتـی چـاخی ڕۆشنگەریدان. واتە شۆڕش بە فیعلی (لەهەمان كاتـدا) تـاج لەسـەرنان و بـەردەوامی چـاخی ڕۆشـنگەریە, لـەم چـوار چێوەیەشـدا چـاخی ڕۆشـنگەری و شـۆڕش لـەو ڕوداوانـە دەبـن كـە ناكرێ لەبیر بكرێن. كانت دەنوسێت: (من جەخت دەكەمەسەر ئەوەی دەتوانم هەواڵی داهاتوو بدەمە ڕەگـەزی مرۆیـی, بـێ ئـەوەی ئەمـە لـە مـەیلی ئەستێرەگەرییەوە بێت بەڵكو لە ڕێگەی دیاردەكان و ئەو پەیوەندییانەیە لە سەردەمی خۆماندا كە لێیان ڕاماوم, دەتوانم هەواڵ بدەم بەوەی (ڕەگەزی بەشەری) هەر دەگاتە ئەو مەبەستە, واتە دەگاتە ئەو حاڵەتەی وا لە خەڵكی بكات توانای تەبەنی ئـەو دەسـتورەیان ببێـت كـە دەیانـەوێت و ئـەو دەستورەش كە لە جەنگی هێرشكارانە خۆی بە دوور دەگرێـت, بـە جۆرێـك ئـەم دەسـتكەوتانە لـە هـــەموو هەڵوەشـــاندنەوەیەك ئـــەمین بـــن و, دیاردەیـەكی لـەم شێوەیەش. ناكرێ لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا لـەیاد بكرێـت لەبـەر ئـەوەی لـە سروشـتی مرۆییـدا ئامـادەگی و لێهاتووییەكـەی زەق دەكاتـەوە (لەڕووكردنـە) بـەرەو پێشچوون كە هیچ سیاسەتێك هەرچەندە بگاتە, هێزی وریایی ناتوانێـت لـە ڕەوتـی ڕوداوەكـانی پێشـووی دابڕێنێت, سروشت و ئازادی لە فیكری مرۆڤدا كۆببنەوە, بە گوێرەی پرنسیپە شاراوەكانی هەق (تێیدا), تەنیا بۆ خۆیان دەبنە دووشتی بە توانا لەسـەر بڕیـاردانی ئـەم كـارە بـا ئـەوە تـەنیا لـە شێوازێكی نادیاریكراویشدا بێت, هـەروەها وەك ڕوداوێكی توشهات (عارز)یش بێت.

بەڵام ئەگەر ئەم ئامانجە خوازراوی پشت ئەم ڕوداوە گەیشـتن پێـی بـەئاكام گەیشـتبێت, واتـە تەنانـەت ئەگـەر لـە دوای شۆڕشـدا یـاخود لـەو چاكسازیەدا شكست بهێنێت كە دەستوری گەل دەگرێتەوە, وە ئەگەر هـەموو شتێك بـڕوخێنن لە دوای ماوەیـەكی كـەم لـە زەمـەن, لەكەنـدڕی پێشوودا, وەك ئەوەی هەندێك لە سیاسەتمەداران پێشـبینی ئـەوەیان كـردووە, ئـەوا هەواڵـدانی فەلسەفیمان هیچ شتێك لە هێزی خۆی لە دەست نـادات, لـەو ڕووەوە كـە ئـەم ڕوداوە بـە ڕادەیـەك گرنگـە و لـە پلەیـەك لـە پەیوەندیدایـە بـە بەرژەوەندییـەكانی مرۆڤایەتیـەوە, هـەروەها لـە كاریگەرێتیەكی فراوان بەسەر بەشەكانی جیهاندا كـە وایلێـدەكات بـە ناچـاری بگەڕێتـەوە بـۆ یـادەوەری گـەل ئەگـەر بـارودۆخ گونجـاو بێـت, هـەروەها ئامـادە دەكرێـت لـە كـاتی دیاریكردنی قەیرانەكە لەناو چەند هـەوڵێكی نوێبـووەوە لـەم جۆرە, لەبەر ئەوەی مەسەلەكە بەم جۆرە گرنگە بەنیسبەت جۆری مرۆییـەوە كـە وا لـە دەسـتوری

چاوەڕوانکراو دەکات لە کاتێکی دیاریکراودا بگاتە ئەو تۆکمەییەی وانە دوبارەبووەکانی ئەزمونەکان لە زەینی مرۆڤەکاندا دایدەمەزرێنن).

بەهەرحاڵ، هەر دەبێ شۆڕش بە کەوتنە ناو (کەندڕی پێشوو) هەرەشەی لێ بکرێت، بەڵام هەرگیز ناکەوێت،

مەگەر وەك ڕوداوێك كە خاوەنی ناوەڕۆكێكی بێمانا و بوونی وەك شایەتێك بەسەر، نادیارێکەوە کە بەردەوام دەمێنێتەوە کە ناکرێ لەیادبکرێت، ئەمەش لە داهاتودا بە گرنتی دەمێنێتەوە بۆ ڕەوتی بەرەو پێشچوون.

ویستم تەنیا پێگەی ئەم دەقەی کانت لەمەڕ چاخی ڕۆشنگەری دیاری بکەم و لەمەودواش هەوڵ دەدەم بە وردییەکی زۆرترەوە بیخوێنمەوەو ویستیشم ئەوە ببینم چۆن کانت لە دوای پانزە ساڵ ڕووی لەبیرکردنەوە لە ڕوداوگەلێك كرد كە پتر درامی بوون (لەوەی لەم دەقەدا هاتووە) کە ڕوداوەکانی شۆڕشی فەڕەنسین. ئێمە لەبەردەم ئەم دوو دەقەدا هەڵوێستە لەسەر شوێنی بناغەو دەرچوونی زنجیرەیەك لە پرسیاری فەلسەفی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم دوو پرسیارە: (چاخی ڕۆشنگەری چییە؟ و (شۆڕش چییە؟)

دوو شێوەن بۆ پرسیاری کانت دەربارەی هەنووکەییبوون خۆی. ئەوانیش، پێموایە، ئەو دوو پرسیارەن بەردەوام بەسەر بەشێکی مەزنی فەلسەفەوەن لەسەدەی نۆزدەهەمەوە، گەر نەڵێین بەسەر سەرجەم فەلسەفەی نوێوە، لە کۆتاییی کارەکەشدا بۆم دەردەکەوێت کە چاخی ڕۆشنگەری.

وەك ڕوداوێكی تاكانە چوونە ناو نوێگەری ئەو ڕووپێیەوە، وەك سیاقێكی بەردەوامیش لە مێژووی عەقڵدا بە دیار دەکەوێت، هەروەها لەناو پەرەسەندنی شێوازەکانی عەقڵانیەت و تەکنیك و لە پرۆسەی دامەزراندنیشیداو لە پاشانیشدا لەناو سەربەخۆیی و دەسەڵاتی مەعریفەدا. کەواتە چاخی ڕۆشنگەری تەنیا وەك قۆناغێك لە مێژووی ئایدیاکان نامێنێتەوە، بەڵکو مەسەلەیەکی، فەلسەفی نوسراوەیە لە فیکرماندا لە سەدەی هەژدەهەمەوە. با ئەوانەش لە پارێزگاری خۆیاندا بەجێ بهێڵین کە ئەوەیان لێمان دەوێت پاشماوەی چاخی ڕۆشنگەری بە زیندوو وپیرۆز، بپارێزین، نموونەی ئەم پارێزگاریەش لە ساویلکەترینی خیانەتەکانە.

تەنیا ئەوە پێویست نییە لەسەرمان کە دەست بە پاشماوەکانی چاخی ڕۆشنگەرییەوە بگرین بەڵکو لەسەر هەمان ئەو پرسیارە بمێنینەوە کە ئەم ڕوداوە تەرحی کردووەو لەسەر ماناکەشی (واتە مێژووییبوونی بیرۆکەی جیهانیبوون) کە پێویستە لە ئێستادا بیپارێزین و، بیهێڵینەوە وەك شتێك کە پێویستە ببێتە (مادده)ی فیکر.

مەسەلەی چاخی ڕۆشنگەری و، مەسەلەی عەقڵیش وەك گرفتێکی مێژوویی، بەفیکری فەلسەفیدا پەڕیوەتەوە بە چۆنیەتیەك کە تەمومژاوییبوونەکەی لە کانتەوە تا ئێستاکە بە جیاوازی هاتووە.

ڕووەکەیتری ئەو هەنووکەییبوون (الانیە)ەی هاتۆتە ڕێگەی کانت شۆڕشە: شۆڕش

وەك ڕوداوێك و لە پاشاندا وەك دزێوییەك و وەرچەرخانێك لە مێژووداو شکستێك، لە هەمان کاتیشدا وەك بەهایەك و ئاماژەیەك و ئامادەگیەك کە لەناو مێژوو ولەمیانی بەرەو پێشچوونی جۆری بەشەریدا کار دەکات. ئەمەش نابێتە پرسیاری تەرحکراو لەسەر فەلسەفە بە ئاراستەی دیاریکردنی ئەو لایە لە شۆڕش کە پێویستە بپارێزرێت و، زەقکردنەوەی وەك نموونەیەك،

بەڵكو لەسەر پرسیارەكە پێویستە ڕوو لە زانینی ئەوە بكات كە پێویستە ئەنجامی بدەین بەم ئیرادەیەوە لە شۆڕشدا, بەم (خوێنگەرمی)یەش بۆ شۆڕش كە جیاوازە لە خودی پرۆسەی شۆڕشگێڕی. دوو پرسیارەكە چاخی ڕۆشنگەری چی‌یە؟) و (چی بكەین بەئیرادەی شۆڕش؟) هەردوكیان بواری پرسیاری فەلسەفی دەربارەی شوناسی بوونمان دیاریدەكەن لەو هەنووكەییبوونەدا كە تێیدا دەژین.

بڕوام وایە كانت دوو پایە سەرەكیەكەی كلتوری ڕەخنەیی داناوە كە فەلسەفەی نوێیان دابەشكردووە, با بڵێین ئەو لە كارە ڕەخنەییە مەزنەكەیدا كۆڵەكەكانی ئەم كەلتورە فەلسەفیەی داناوە كە پرسیار دەربارەی ئەو مەرجانە دەخاتەڕوو كە مەعریفەی ڕاستەقینە مومكین دەكات. بۆمان هەیە جەخت لەسەر ئەوە بكەین كە لایەكی تەواو لە فەلسەفەی نوێ ( لە كانتەوە ) لە دایك دەبێت و پەرە دەستێنێت لە شێوەی شیتەڵكردنیدا بۆ حەقیقەت.

ئەوەندە هەیە لە فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخدا پرسیارێك لە تەرزێكی دیكە لە ئارادایە, واتە بە شێوازێكی دیكە لە پرسیار كە لە پرسیاركردن لە چاخی ڕۆشنگەرییەوەو لە دەقەكەی دەربارەی شۆڕشەوە هاتۆتە بوون. ئەم كەلتورە ڕەخنەگرانە نوێیەش ئەم پرسیارە تەرح دەكات: هەنووكەییبوونی ئێمە چی‌یە؟ بواری ئێستاكەی ئەزمونە مومكینەكان؟ عەمەیە كارەكە لێرەدا پەیوەست نی‌یە بە شیتاڵگەریی حەقیقەت بەڵكو بەوەوە بەستراوە كە دەكرێ بە ئەنتۆلۆژیا (٧)ی ئێستاكە ناوزەدی بكەین, واتە بە ئەنتۆلۆژیای خودی خۆمان لێرەوە وایدەبینم كە ئەو هەڵبژاردنە فەلسەفیەی ئەمڕۆكە باسی لێوە دەكەین ئەمەیە: یان دەبێ فەلسەفەیەكی ڕەخنەگرانە هەڵبژێرین كە وەك فەلسەفەیەكی شیتاڵكارانە بۆمان دێت باسی حەقیقەت بە سیفەتێكی گشتی دەكات, یاخود دەبێ فیكرێكی ڕەخنەگرانە بدەین كە شێوەیەكی ئەنتۆلۆژی بۆ (ئێمە خۆمان) وەردەگرێت واتە ئەنتۆلۆژیای هەنووكەییبوون (الانیە), ئەم جۆرە فەلسەفە (هەڵبژاردنی دووەم)ی بنیادنا بەدەست پێكردنی لە هیگڵەوە بۆ قوتابخانەی فرانكفۆرت, بە گوزەركردن بە نیتشەو ماكس فیبەردا, شێوازێك لەبیركردنەوە كە من هەوڵمدا لە ناویدا كار بكەم.

***پەراوێزەكان:-***

*ڕستەی فەلسەفی كانتی بونیادێكی سەرقاڵكەری هەیەو وا دەكات (تێكەڵ ببێت) بە بیرۆكەكەو بە كۆتاییهاتنی نەبێت بە ئاكام نەگات.

خاڵبەندی (نەحویانە) لای ئەم فەیلەسوفە لە ژێر فەرماندەیی هەناسەی ئیستیدلالیدا دەمێنێتەوە كە هەندێك جار تا سنوری پڕوكاندنی خوێنەرو سەرلێ تێكدانی كارەكانی درێژ دەبێتەوە. هەوڵماندا لەسەر ڕاستێتی داڕشتنەكەی بیهێڵینەوە لە كاتی وەرگێڕانماندا بۆ دەقی كانت لە وەرگێڕانی فەرەنسیەوە, لەگەڵ پەنابردنماندا لە هەموو كاتێكدا بۆ فەرهەنگی كانتی بنەڕەتی, بە ئەڵمانی, لە بەعەرەبیكردنی چەمكی فەلسەفیەكاندا.

چەمكی Verstandی كانتیمان بە وشەی فیكر وەرگێڕاوەو, چەمكی Vernunftیش بە وشەی عەقڵ كە نەریت هەروا هاتووە لە وەرگێڕانە عەرەبیەكانی گرنگترین كارەكانی كانتدا, بەڵام كاتێك لەفزی Geist بەكار دەبرێ كە كتومت عەقڵ دەگەیەنێت لە هەردوو ڕەهەندە كۆمەڵایەتی مێژووییەكەیەوە, ئەوا بە عەرەبیكردنیمان بە وشەی (ذهن: زەین). (زاراوە باسكراوەكانی ئەم پەراوێزە بە زمانی ئەڵمانی).

مەبەستی کانت بەمە (سەرۆکی تاك: السید الوحید) فریدریکی پاشایەکە پادشای پروسیا بووە کە لە سەردەمی ئەمدا ژیاوە، وەك دەقەکە ئەوە لە دواییدا ڕوون دەکاتەوە.

**وەرگیراوە لە وتاریکی ئیدوارد سەعیدەوە بە ناونیشانی (میشال فوکو).**

مەبەستگەرایی: الغائیە ( teIeoIogy) ئەو تیۆرەیە لە بوونی مەبەست (ئامانج) بۆ هەموو دیاردەکانی سروشت دەدوێت.

ئەم دەقانە لە کارەکانی کانتدا لە ژێر ئەم ناونیشانانەدا ناسراون:

(دەربارەی ڕەگەزە مرۆییە جوداکان)، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٧٧٥دا بڵاوکراوەتەوە، بە پوختەکراوی و زیادکراویش لە ساڵی ١٧٧٧دا دوبارە بڵاوکراوەتەوە.

(دەربارەی دیاریکردنی چەمکی ڕەگەزی مرۆیی)، ١٧٨٥ (لەوانەیە ئەم دەقە بە دواداچوونێك بێت لەسەر دەقی یەکەم).

(چەند پێشنیارێك دەربارەی سەرەتاکانی مێژووی مرۆیی)، ١٧٨٦.

وەرگێڕانی چەمکی actuaIity (actuaIite)مان بە هەنووکەییبوون، (الآنیە)، لە ئێستاوە (من الآن) وەرگێڕاوە، لەبەر ئەوەی فۆکۆ لە چەند جێگایەکی دیکەدا پشت بە هەمان شیکردنەوە دەبەستێت و، بە توندی پێ لەسەر ڕەهەندی زەمەنی ئەم چەمکە واتە ڕەهەندی (دیاریکردنی کات: التوقیتی) دادەگرێت، نەوەك ڕەهەندی (ڕوداوی: الحدثی).

فۆکۆ کاتێك لە لێکۆڵینەوەی ئسوڵی دەدوێت ئاماژە بە پلەکاری چەمك و بەهاکان لە ڕیشەیانەوە دەکات و، دواندنیشیان لە ڕێگەی ئەم پلەکارییەوە، ڕێك وەك نیتشە لە کتێبەکەیدا (لیکۆڵینەوەیەك لە ڕیشەکانی ئەخلاقە)دا (GeneaIogie de IaMoraIe) دا کردویەتی.

دەقەکە ڕەهەندەکانی ئەم ئاماژەیەی بە چەند دەربڕینێکی لاتینی جیاکردۆتەوە:

(Reme morativum Dtmonstraoivum .Pronosticum)

لە ئەنتۆلۆژیا (ontoIogy)یەوە، کە زانستی بوون (علم الوجود، یاخود (علم الکینونە) دەگەیەنێت، کە ئەو زانستەیە ئامانجی کەشفکردنی ماهیەتی شتەکانە لە خودی خۆیاندا بەسەربەخۆییەکی تەواو لە کردارەکانی وشیاری.